کوردستانی نوێ لە ئەفریقا

# ئەفریقیا لە میوەی پۆست-کۆلۆنیالیزم دەخوات

## حەوزی ڕوباری سێنیگال دەبێتە کۆڵەکەی ئاشتییەکی بەردەوام

**سێنیگال (دەکار، سان-لوی):**
**راپۆرتو فۆتۆی: خالد سلێمان**

چیرۆکی ترس لەلافاو پێش بەرپرسانی سێنیگال پێشوازیمان لێدەکات. ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٩ دوای سەفەرێکی (٩) سەعاتی وەفدێکی عیراقو تورکیاو ئوردنو لوبنان بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر حەوزی رووباری سێنیگاڵ دەگاتە دەکاری پایتەختی ئەو وڵاتە. کۆنگرەکە کە ڕێکخراوی (ستراتیژیک فۆرسایت گروپ)ی هیندی ڕێکی دەخات، لەسەر ڕوباری سێنیگال دەبێت کە سەرچاوەکانی، (٨٥٪) لەگینیاو (١٥٪) لەمالیو مۆریتانیاو سێنیگالەوە هەڵدەقوڵێتو هەر چوار وڵاتەکەش لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەناوی (ڕێکخراوی وەبەرهێنانی رووباری سێنیگال)دا کە کورتکراوەکەی (ئۆ ئێم ڤی ئێس)ە کۆدەکاتەوە. ڕۆژێ پێش دەسپێکردنی کۆنگرەکە، کە بەشێکی گرنگی لەسەر ئیدارەدانی لافاو بوو، بارانێکی زۆر لەدەکار باریو ناوچە پڕەکان لەدانیشتوان لەماڵەکانیان چوونە دەرەوە، چونکە وەک ڕۆژنامەی (لۆ سۆلێی) لەژمارەی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٣ ئاماژەی بۆ دەکات لەناوچە پڕەکان لەدانیشتوان، بەتایبەتی لە (خاڵە ڕەشەکان)دا وەک ڕۆژنامەکە ناوی لێدەنێت، ترس لەلافاو، لەلافاوەکە خۆی زیاترە، چونکە نەک تەنها دەکاری پایتەخت، بەڵکو ژمارەیەکی تر لەشارەکانی ئەم وڵاتەو وڵاتانی دەوروبەری، بەتایبەتی ئەوانەی نزیک رووباری سێنیگالو زەریای ئەتڵەسی زیانی زۆری گیانیو ماددیان بەدەست لافاوەوە چەشتووە.

کێشەی لافاو یەکێک لەو خاڵانە بوو کە لەڕۆژانی کۆنگرەی (هاوبەشی لەبەشە ئاو)دا باسی لێوە دەکراو جێگەی گفتوگۆیەکی زۆر بوو. کۆنگرەکە لەلایەن (ستراتیژیک فۆرسایت گروپ) کە سەنتەرێکی تینک تانکی هیندیەو ئۆفیسی لەشاری بۆمبای-یە ڕێکخرابوو، هەروەها ڕێکخراوی وەبەرهێنانی ڕووباری سێنیگال (ئۆ ئێم ڤی ئێش) کە لەساڵی (١٩٧٢)ەوە دامەزراوەو بۆتە بنەمای ڕێکەوتنێکی سیاسی، ئابووریو سۆسیۆ-کەلتووری لەنێوان سێنیگالو موریتانیاو مالیو گینیا.

### بنەمایەک بۆ سەقامگیریی

سەرۆکی باڵای ڕێکخراوەکە کابینێ کۆمارا لەوتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا باسی گرنگیی ڕووباری سێنیگال بۆ ڕۆژئاوای ئەفریقیا دەکاتو چۆن ڕێکخراوی (ئێم ئۆ ڤێ ئێس) بۆتە بنەمای سەقامگیرییەکی بەردەوام لەناوچەکەدا، ئەویش لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لەبەشە ئاوی وڵاتانی سەر ڕوبارەکە لەهەموو ڕووەکانی کشتوکاڵو ڕاوەماسیو ژینگەو گواستنەوەو پاراستنی سروشتی ناوچەکە. لەدەرەوەی کۆنگرەکە لەکابینێ کۆمارا دەپرسم ئەگەر پڕۆژەی ئۆ ئێم ڤی ئێس میوەی پۆست-کۆلۆنیالیزم بێت بۆ ڕۆژئاوای ئەفریقا، لەوەڵامدا دەڵێت: "بەڵێ بەدڵنیایەوە وایە، ئەمە میوەی ئەفریقای دوای سەربەخۆبوونە".

### ژینگەو ئاسایشی خۆراک

سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ ئامانجەکەشی هاوکاریی دەبێت لەبەشە ئاوی هەر وڵاتێکدا، نەک وەک ئاو، بەڵکو لەو بوارانەی ئاو فاکتەری یەکەمە لەپێشخستنو پەرەپێدانیاندا، وەک ئاسایشی خۆراکو ژینگەو گەشەپێدانی ئابووریو سۆسیۆ-کۆمەڵایەتیو نەهێشتنی هەژاری، هەروەها دابینکردنی ئاشتییەکی بەردەوام لەنێوان وڵاتاندا، چونکە بەپێی پسپۆڕە ئەفریقییەکان ٣٠٪ هۆکاری گرفتەکان گرفتی ئاون. لەسەرەتادا ڕێکخراوەکە پێکدێت لەسێنیگالو مۆریتانیاو مالی، ساڵی ٢٠٠٦ گینیا-ش دەبێتە ئەندامو ئێستاش ئۆفیسی سەرەکی لەدەکارەو سەرۆکەکەی کابینێ کامارۆ-یە کە لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٠ سەرۆک وەزیرانی گینیا بوو.

ڕێکخراوی (ئۆ ئێم ڤی ئێس) لە بواری کشتوکاڵ، وزە، ئاوی خاوێنو ڕاوەماسیو ژینگە، هەروەها گواستنەوەو (الملاحة)دا کاردەکات. کەمکردنەوەی زیانەکانی لافاویش بەشێکی ترە لەپڕۆژەکان، کە لەدوو ئاستدا بەبێ بەنداو زیان دەگەیەنێتە ناوچەکەو دانیشتووان، یەکەمیان زیادکردنی ڕێژەی خوێیە لەڕووباری سێنیگالدا، دووەمیان زیان گەیاندنە بەدانیشتوانو کشتوکاڵ. بۆ ڕوبەڕوبونەوەی لافاو تائێستا سێ بەنداو لەسەر ڕووبارەکە دامەزراوەو چوارەمیش لەجێبەجێکردندایە.

### زیانەکانی لافاو

جگە لەوەی کە بەنداوەکان لەوەرزی بارانبارینـدا زیانەکانی لافاو کەم دەکەنەوە، سوودێکی گەورەی تری لەوەدایە لەوەرزی وشکانیدا ئاوی زەریا زیاددەکاتو بۆ ماوەی ١٥٠ تا ٢٠٠ کم دەڕژێتە ناو ئاوی ڕووبارەکەوەو ڕێژەیەکی زۆر خوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بەسامانی ماسیو کشتوکاڵو هەروەها ئاوی خاوێن. لێرەدا بەنداو جگە لەوەی کە سەرچاوەی ئابووریو گواستنەوەو هەلی کارە بۆ دانیشتووان، ڕێگرە لەبەردەم هاتنی ئاوی زەریا بۆ ناو رووبارەکەو ڕاگرتنێتی لەئاستێکی دیاریکراودا.

ڕووباری سێنیگال کە درێژیەکەی هەزار کیلۆ مەترە ژینگەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ڕەوی ماسیو باڵندە. بەگوێرەی بەڕێوەبەری ئیداریو ڕێکخەری کاری لۆجیستیکی محەمەد کۆنات لەم بارەیەوە دەڵێت، "زۆر جۆری ماسی هەیە لەئاوی سوێردا دەژی، بۆیە ڕووبارەکە بەجێ دەهێڵێتو بەرەو زەریا ڕەو دەکات، بەپێچەوانەوە ئەو جۆرانەی ماسی لەئاوی شیریندا دەژین، زەریا بەجێدەهێڵنو بەرەو ڕوبارەکە ڕەو دەکەنو تیایدا جێگیر دەبن". محەمەد کۆنات لەقسەکانیدا بۆ کوردستانی نوێ بەردەوام دەبێت دەڵێت، "جگە لەوەی کە ڕووبارەکە ژینگەیەکی لەبارە بۆ ماسی، وەک کۆلۆنیەکیشە بۆ باڵندەی کۆچەریو زیاتر لە (٦) هەزار جۆری باڵندەی تیادایەو بەشێکیان لەئەوروپاوە بۆ ئەفریقا کۆچ دەکەنو کە وەرزەکەیان تەواو دەبێت دەگەڕێنەوە".

### پایتەختە دێرینەکە

یەکێک لەو بەنداوانەی لەوەفدەکەی عیراقو تورکیاو ئوردنو لوبنان لەگەڵ ڕێکخەرانی ئۆ ئێم ڤی ئێس-دا سەردانی کرد، بەنداوی دیاما بوو کە دەکەوێتە نێوان مۆریتانیاو سێنیگال نزیک شاری سان-لوی کە یەکێکە لەشارە دێرینەکانی سێنیگالو لەساڵی (١٨٩٥)ەوە تا ساڵی (١٩٠٢) پایتەختی ئەفریقیای خۆرئاوای فەرەنسی دەبێتو ئیتر دەکار جێگەکەی دەگرێتەوە. دوای ساڵانی سەربەخۆیی (١٩٥٩-١٩٦٠-١٩٦٢) دەکار هەروەک پایتەختی وڵاتەکە دەمێنێتەوە. ئەم بەنداوە کە ساڵی ١٩٨٦ تەواو دەبێتو ساڵی ١٩٨٨ دەکەوێتە کارو لەسەر رووبەری ٣٤٠٠٠ کم٢ دامەزراوە، یەکێکە لەو بەنداوانەی جگە لەبوارەکانی وزەو ژینگەو ئاودێری، سەرچاوەیەکی گرنگی گواستنەوەی نێوان مۆریتانیاو سێنیگالیشەو ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانی هەردوولا بەسەر پردی ئەم بەنداوەدا جووڵەی بازرگانیو گەشتوگوزارو سەردانی جۆراوجۆر دەکەن. ئەم بەنداوە توانای ئاودێریکردنی زیاتر لە ١٢٠٠٠٠ هەزار هێکتار زەوی هەیەو لەساڵێکدا ٨٠٠ ملیۆن کیلۆوات وزەی هایدرۆلیکی هەیە.

### بەنداوی دیاما

ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە، ڕێکخراوی ئۆ ئێم ڤی ئێس لەنێوان چوار وڵاتەکەدا هۆکاری ڕێکەوتنێکی وایە کە هاووڵاتیان بتوانن بەبێ پاسپۆرتو تەنها بەناسنامەی نیشتمانی وڵاتەکەیان گەشتوگوزار بکەنو توانای مانەوەو کارکردنیان هەبێت. ئەمەش لەسەر بەنداوی دیاما بەڕوونی بەرچاو دەکەوێتو تەنانەت هەندێک لەهاووڵاتیان جگە لەئۆتۆمبێل، هێستریش وەک ئامرازی گواستنەوە بۆ شتومەکانیان بەکاردەهێنن، هەندێکیشیان بەپێ دەهاتنو دەچوون.

وەزیری پێترۆڵو وزەی مۆریتانی محەمەد سال بەشیرو وەزیری وزەو هایدرۆلیکی سێنیگال مەنسور فایی لەڕۆژی دووەمی کۆنگرەکەدا ئامادە دەبنو بەگرنگییەوە باس لەپڕۆژەی ئۆ ئێم ڤی ئێس دەکەن، نەک تەنها وەک پڕۆژەیەکی هەرێمایەتی لەخۆرئاوای ئەفریقا، بەڵکو وەک ئەزموونێکی جیهانی، چونکە ڕووباری سێنیگال ڕووبارێکی نێودەوڵەتییەو بەپێی قسەی هەردوو وەزیر ساڵی داهاتوو کە سێنیگاڵ دەبێتە ئەندام لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، بەشێوەیەکی ڕەسمی داوا دەکرێت ئەمە لەیاسا نێودەوڵەتیەکاندا بچەسپێنرێت.

ئامانجی ئەم کۆنگرەیە کە سەنتەری (ستراتدجیک فۆرسایت گرووپ) ڕێکخەری بوو، گواستنەوەی ئەزموونی دنیایە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپێناو ئەوەی ئاو بکرێتە سەرچاوەی ئاشتیو گەشەپێدانی بەردەوام، بەتایبەتی لەنێوان عیراقو تورکیاو سوریا لەلایەکو لەنیوان لوبنانو ئوردنو سوریاو ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە، چونکە ڕووباری هاوبەش لەنێوان ئەم وڵاتانەدا هەیەو دەکرێت ئەم ڕووبارانە ببنە بنەمای ڕێکەوتنی ئابووریو کەلتووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها پاراستنی ئیکۆ-سیستمی ناوچەکەو ژینگە دەوڵەمەندەکەی. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ناوی کۆنگرەکە (ئاشتی شین)ە.



لایەنێک لەبەشدارانی کۆنگرەکە



مەنسور فایی وەزیری وزەو هایدرۆلیکی سێنیگال



محەمەد بەشیر سالم وەزیری پێترۆڵ و وزەی مۆریتانیا



کابینێ کامارا سەرۆکی کۆمیتەی باڵای ئۆ ئێم ڤی ئێس



سەندیپ والسیکار: سەرۆکی ستراتیجیک فۆرسایت گروپ

### سێنیگال

سێنیگال کە زمانی ڕەسمیی فەرەنسییە، یەکێکە لەو وڵاتە ئەفریقیانەی دەکەوێتە خۆرئاوای ئەفریقاوە لەسەر زەریای ئەتڵەسی. رووبەرەکەی ١٩٧ هەزار کم٢ و ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەسە. دراوسێکانی سێنیگال لەباکوورەوە مۆریتانیا، لەخۆرهەڵاتەوە مالی، گینیاو گینیای بیساو لەباشوورەوە.

ناوی وڵاتەکەش لەڕووباری سێنیگالەوە هاتووە. کەشی وڵاتەکە بەدرێژای ساڵ وەرزی بارانو وشکانییە. لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسیدا سێنیگال بەشێک بوو لەئەفریقای خۆرئاوای فەرەنسیو پایتەختەکەی شاری سان-لوی بوو، ساڵی ١٩٠٢ هەر لەسەر دەستی فەرەنسییەکان دەکار دەبێتە پایتەختی (Afrique Occidentale Francaise یان AOF) واتە ئەفریقای خۆرئاوای فەرەنسی.

ساڵی ١٩٦٠ دوای ئەوەی سێنیگال سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێت، دەکار وەک پایتەخت دەمێنێتەوە.

دانیشتووانی وڵاتەکە ٩٤٪ موسڵمانو ٥٪ کریستیان، ١٪بێ ئایینو گروپی ئاینی کۆنی جیاجیان.

دەوڵەتی سێنیگال دیموکراتیو فرەحزبییە، هەر پێنج ساڵێک سەرۆکەکەی هەڵدەبژێرێتو ئەویش سەرۆک وەزیران دیاری دەکاتو پەرلەمانیش پێکدێت لە ١٢٠ کورسی، هەر پێنج ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێت.

ئابووریی وڵاتەکە پشت بەڕاوەماسیو گەشتوگوزارو کشتوکاڵ دەبەستێت، ئەمەی سێیەمیان سەرچاوەی ٧٠٪ی دانیشتووانەکەیەتی.



مۆنۆمێنتی ئازادی لە دەکار